٢٠٢١

Vision Foundation
for Strategic Studies

# هەواڵنامەی وەرزی بەهار



# بەهاری ٢٠٢٦

١ی نیسان – ٣٠ی حوزەیران



# پەیامێک
## لە دامەزراوەی ڤیژنەوە

لە دیدگاوە بۆ کاریگەری

لە ماوەی بەهاری 2026دا، دامەزراوەی ڤیژن بەردەوام بووە لە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، ڕێکخستنی گفتوگۆ و سیمینارەکان، و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ زانکۆ، ناوەندەکانی توێژینەوە و دامەزراوە نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەکان. کارەکانمان لەسەر دۆسیە گرنگەکانی وەک ئابووری، ژینگە، تەندروستی، ئاسایشی نیشتیمانی و پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا چڕبوونەتەوە، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی زانیاری و پێشنیارییە زانستییەکان بۆ یارمەتیدانی بڕیاردان و گەشەپێدانی کۆمەڵگە.

سوپاسی هەموو هاوبەش و پشتگیرەکانمان دەکەین و جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ڤیژن بەردەوام دەبێت لە خزمەتکردنی توێژینەوە، گفتوگۆ و دروستکردنی هاوکارییە بەهێزەکان بۆ داهاتوویەکی باشتر.

**عەدنان عوسمان**

سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن

# دیدگـا و پەیامـی ئێمــە

## دیدگا و پەیامی ئێمە : بنەمای گەشەپێدان

دامەزراوەی ڤیژن، وەک ناوەندێکی پێشەنگ لە بواری بیر و لێکۆڵینەوەی ستراتیجیدا، لەسەر بنەمای گەشەپێدان و بەهێزکردنی تواناکانی کۆمەڵگە دامەزراوە. پەیامەکەمان ڕوونە؛ بەشداریکردنی چالاکانە لە چارەسەرکردنی کێشەکان و پەرەپێدانی چاکسازی لە دامەزراوە و سێکتەرە جیاوازەکاندا. تیشکی کارکردنمان لەسەر ئەو پرسانەیە کە دەبنە مایەی دروستبوونی دەسەڵاتێکی خزمەتگوزار و مۆدێرن، کە وەڵامی پێداویستییەکانی هاوڵاتییان بداتەوە و ئایندەیەکی باشتر بنیات بنێت.



## ئامانجەکانی داهاتوومان



کار لەسەر بەهێزکردنی گفتوگۆی سیاسی و حکومڕانی ناوچەکە و هەرێم بەگشتی دەکەین، لەپاڵ هەوڵەکانی دامەزراوەکانی تر، دەمانەوێت ڕۆڵمان هەبێت لە گەشەپێدان وچارەسەری گونجاو و سەردەمییانە بۆ هەموو ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی ناوچەکە و کۆمەڵگەکەمان دەبێتەوە. لەهەمانکاتدا، پێویستە لەوەتێبگەین لە ئێستادا ئێمە بەشێکین لە تەونی سیاسی، دیبلۆماسی و ئابووری عێراق، دەبێت ئاستی هەماهەنگی و پێکەوە کارکردن بە ئاڕاستەی بەهێزکردنی هەرێمەکەمان ودامودەزگاکان و بەرەودان بە گەشەسەندن، وەبەرهێنان و بووژانەوە ببەین. بەرزکردنەوەی ئاستی هەماهەنگی و پێکەوە کارکردن ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لە بەهێزکردنی تواناکانی ئێرە و نەخشیان لە دیاریکردنی ئایندەدا.

## هەنگاوەکانمان



- بەشداری چالاکانەی کۆمەڵی مەدەنی: لە داڕشتن و هەماهەنگیکردنی سیاسەتە ستراتیجییە گشتییەکاندا.
- داڕشتنی پلانی ستراتیجی: ئامادەکردنی راسپاردە و نەخشەڕێگای کرداری بۆ گەشەپێدان.
- پێشخستنی کۆمەڵگە و حوکمڕانی: کارکردن بۆ سیستەمێکی حوکمڕانیی باشتر و کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووتر.
- ئایندەسازی بۆ نەوەکانی داهاتوو: دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەی نەوەکانی داهاتوو.

# هـاوبەشەکانمـان

هەماهەنگی و هاوکاریکردنی دامودەزگاکانی حکومەت، ڕێکخراوەکان، زانکۆکان و دامەزراوەکانی نێو کۆمەڵگە گرنگ وپێویستن. لەهەمانکاتیشدا، برەو بە هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ ناوەندەکانی توێژینەوە و خانەکانی بیر دەدەین، جا چ لەناوچەکە و هەرێم، یاخود لەسەر ئاستی عێراق و جیهاندابن.
















# چالاکییەکانی
# دامەزراوەی ڤیژن

## مەڵبەندی سلێمانیی یەکێتی و دامەزراوەی ڤیژن جەخت لە ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەکەنەوە




لە بەرواری 2026/6/4 شاندێکی باڵای مەڵبەندی سلێمانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرکەوت زەکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەڵبەندی یەک، سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجییان کرد. هەردوولا هاوڕابوون لەسەر ئەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستە وەک "پردێک" بن لەنێوان حکومەت، پسپۆڕان و هاوڵاتییان، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری زانستی بۆ کێشەکان. جەختیشکرایەوە لە گرنگیی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگە وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی دەنگی هاوڵاتییان بە بەرپرسان و بەهێزکردنی متمانەی جەماوەر.

## دامەزراوەی ڤیژن بەشداردەبێت لە ڕەخساندنی هەلی کار و گەشەپێدانی کەرتی پەروەردە




لە 2026/4/8 بەهار مونزیر بەڕێوەبەری ڕێکخراوی PDO و شاندێکی ڕێکخراوەکە، سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجییان کرد و گفتوگۆ لەبارەی هەماهەنگی نێوان هەردوولا کرا. باسیش لە هاوبەشی و هەماهەنگیی کرا بەمەبەستی ئەنجامدانی پڕۆژەی هاوبەش لە بواری ژنان و گەنجاندا، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی تواناکانیان، پێگەیاندنی گەنجی سەرکردە و دروستکردنی دەرفەتی کارکردن بۆیان. کارکردن لەسەر گەشەپێدانی کەرتی پەروەردە و خوێندن لەرێگەی بەشداریپێکردنی دایباب هاوشانی مامۆستایان خاڵێکی هاوبەشی هەردوولا بوون بۆ کارکردن لەداهاتوودا.

## داوای بەهێزکردنی بەشداری نێودەوڵەتیی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت




لە 2026/4/20، د.راهی ڕەهبەر سەرپەرشتیاری نوسینگەی بەدواداچون و هەماهەنگی بەڕێز قوباد تاڵەبانی و ژمارەیەك لە ئەندامانی نوسینگەکەی لەخۆگرتبوو، لەلایەن دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی میوانداریيان کرا. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە گرنگی کاری هاوبەش و دروستکردنی پەیوەندی پتەو لەنێوان دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کرا، بەتایبەت پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو دامەزراوەکە. بابەتێکی دیکەی باسکرا، گرنگیدان بوو بە هەوڵەکان بۆ بەهێزکردنی ئامادەیی نێودەوڵەتی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و پتەوکردنی ئامادەییان لە دەرەوەی وڵات.

## ڤیژن و دەزگای خێرخوازی بارزانی گفتوگۆی هاوکاری و بەهێزکردنی کاری مەدەنی و مرۆیی دەکەن




ڕۆژی دووشەممە (2026/4/27) دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە چوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ بەهێزکردنی هاوکاریی دامەزراوەیی، پێشوازی لە سروە ساڵح، بەڕێوەبەری نووسینگەی دەزگای خێرخوازی بارزانی لە سلێمانی و بەشێک لە ئەندامانی دەزگاکە کرد. لەو کۆبوونەوەیەکدا، هەردوولا کار و چالاکییەکانیان خستەڕوو و باس لە بوارە هاوبەشەکان کرا کە دەتوانرێت تێیدا هاوکاری و هەماهەنگی زیاتر بکرێت و جەخت لەسەر گرنگی بەهێزکردنی کاری هاوبەش لە نێوان هەردوو دامەزراوە کرایەوە، بە تایبەتی لە بوارە مەدەنی و مرۆییەکان.

## دامەزراوەی ڤیژن کار بۆ فراوانکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دەکات




ڕۆژی دووشەممە، 8ی حوزەیرانی 2026، دابان شەدەڵە، جێگری بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، سەردانێکی بۆ دامەزراوەی ڤیژن ئەنجامدا. لە کۆبوونەوەیەکدا هەردوولا گفتوگۆیەکی فراوانیان لەسەر ڕۆڵ و گرنگیی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، شێوازەکانی گەشەکردنیان و چۆنیەتی بەهێزکردنی کاری هاوبەش بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان ئەنجامدا. باسیش لە هەنگاوی داهاتووی کارەکانی دامەزراوەی ڤیژن کرا و چۆنیەتی فراوانکردنی مەودای کارەکانی لە دەرەوەی عێراق و دروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان کرا.

## مۆدێلی نوێی کاری حیزبایەتی لە هەرێمی کوردستان گفتوگۆی کرا




ڕەفعەت عەبدوڵا جێگری سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەردانێکی بۆ دامەزراوەی ڤیژن ئەنجامدا و لە کۆبوونەوەیەکدا گفتوگۆکرا دەربارەی و کێشە داراییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و ئەو دەرفەتانەی کە لە بەردەم هەرێمی کوردستاندا هەن بۆ گەشەسەندنی ژێرخانی ئابووری. بەڕێز ڕەفعەت عەبدوڵا تیشکی خستەسەر یەکێک لە توێژینەوەکانی دامەزراوەکە کە تایبەت بوو بە (هەڵسەنگاندنی پەیکەری حیزبە سیاسییەکان)، بەپێویستی زانی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان سوودی لێوەربگرن لە ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانیاندا.

## ڤیژن و ناوەندەکانی توێژینەوەی تورکیا ئارەزوی کاری هاوبەشدەکەن




بەرواری 2026/6/10 سێ لە گرنگترین ناوەندەکانی توێژینەوەی تورکیا سەردانێکیان بۆ دامەزراوەی ڤیژن ئەنجامدا و ئارەزووی خۆیان بۆ گەشەپێدانی هاوکاریی ئەکادیمی و ئەنجامدانی توێژینەوە دەربڕی. سەردانەکە هەریەکە لە سەرۆکی ناوەندی (OSRAM)، سەرۆکی ناوەندی (IRMA)، و نوێنەری ناوەندی (SETA)ـی لەخۆگرتبوو. باس لەکاری هاوبەش لەنێوان دامەزراوەی ڤیژن و ئەو سێ ناوەندە توێژینەوەییەدا کرا، جەخت لە گرنگی ئاڵوگۆڕی ئەزموون، هاوبەشیکردنی زانیاری، ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی هاوبەش لە بابەتە ستراتیجییەکاندا کرایەوە.

## دامەزراوەی ڤیژن و شانۆکارانی سلێمانی هەنگاو بۆ بووژاندنەوەی شانۆی کوردی دەنێن




رۆژی 16ی حوزەیرانی 2026 گروپی کارگەی شانۆ کە نوێنەرایەتی ژمارەیەک لە تیپە شانۆییەکان، دەرهێنەران و ئەکتەرانی شانۆ دەکات، سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە دۆخی ئێستای شانۆ و ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم هونەرە کرا، بە تایبەتی لە شاری سلێمانی کە بە پایەتەختی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان ناسراوە. هەروەها تیشک خرایەسەر کێشەکانی ژێرخان، بەڕێوەبردن و پشتیوانیی دامەزراوەیی کە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر چالاکییە شانۆییەکان هەیە.

## رۆڵی راگەیاندن و ناوەندە توێژینەوەییەکان لە پێشخستنی هەرێم تاوتوێ کرا



بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان دەزگاکانی راگەیاندن و ناوەندەکانی توێژینەوە یەکێکە لە ئامانجەکانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی. لەم چوارچێوەیەدا، سیروان غەریب بەڕێوەبەری وێستگە نیوز، سەردانێکی دامەزراوەی ڤیژنی کرد و لەگەڵ سەرۆکی دامەزراوەکە کۆبووەوە. لە دانیشتنێکیشدا جەخت لە گرنگی دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز و بەردەوام لەنێوان دەزگا راگەیاندنەکان و ناوەندە توێژینەوەییەکان کرا، بەوپێیەی ئەم هاوکارییە دەتوانێت بەشێوەیەکی کاریگەر یارمەتیدەر بێت لە پەرەپێدانی کۆمەڵگا و چارەسەرکردنی کێشە گشتییەکان.

## کاراکردنەوەی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی هاوبەشی نیشتیمانی کلیلی چارەسەری کێشەکانن




رۆژی دووشەممە، 15ی 6ی 2026، د. هاوڕێ دارۆ شێخ نوری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و سەرۆکی دامەزراوەی ئانزۆ، ئاسۆس عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرکۆ ئازاد گەڵالی، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، لەلایەن ئەندامانی دامەزراوەی ڤیژنەوە پێشوازییان لێکرا. پرسی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت یەکێک بوو لە تەوەرە سەرەکییەکانی گفتوگۆکە، باس لە گرنگی هەبوونی حکومەتێکی هاوبەشی نیشتیمانی کرا کە بتوانێت وەڵامی پێداویستییەکانی قۆناغی ئێستا بدات و بوار بڕەخسێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هاوڵاتییان.

Vision Foundation
For Strategic Studies




# سەردانەکانی دامەزراوەی ڤیژن




## ڤیژن و مید پلانی نوێی هاوکاری و کارکردن تاوتوێ دەکەن

رۆژی دووشەممە 2026/5/11، بەشێک لە ئەندامانی دامەزراوەی ڤیژن، لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوەی مید، باسیان لە گرنگی بەردەوامبوونی پەیوەندییە ستراتیجییەکان و گەشەپێدانی کارە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو دامەزراوە کرد. لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ لەسەر ئامادەکارییەکان بۆ دەستپێکردنی چەندین پرۆژەی نوێی هاوبەش کرا کە ئامانجیان گەشەپێدان و پێشکەوتنی سێکتەرە جیاوازەکانە لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی.



## دامەزراوەی ڤیژن و زانکۆی سلێمانی هەماهەنگیی بۆ پتەوکردنی ئاسایشی نیشتمانی دەکەن

لە 2026/5/18 بۆردی راوێژکاریی ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی دامەزراوەی ڤیژن، لەگەڵ سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی ئەنجامدا و بە شێوەیەکی قووڵ باس لە دۆسیە گرنگەکانی ئاسایشی نیشتمانی و پێویستی بە هەماهەنگی نێوان دامەزراوە ئەکادیمی و توێژینەوەییەکان کرا. دامەزراوەی ڤیژن و زانکۆی سلێمانی جەختیان لەهەماهەنگییەکانیان کردەوە بۆ پتەوکردنی ئاسایشی نیشتمانی، بەهێزکردنی توێژینەوەی ستراتیجی و پشتیوانیکردنی ئەو هەنگاوانەی کە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی ئاسایش، سەقامگیری و پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی.

## دامەزراوەی ڤیژن و زانکۆی سلێمانی چالاکییەکانی پەیوەست بە ئاسایشی نیشتمانی دەستپێدەکەن

رۆژی 2026/5/18 بەشێک لە ئەندامانی بۆردی راوێژکاریی ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی دامەزراوەی ڤیژن، سەردانێکی فەرمییان بۆ کۆلێجی ئاسایشی نیشتمانی زانکۆی سلێمانی ئەنجامدا. لە کۆبوونەوەیەکدا جەخت لەسەر گرنگیی دروستکردنی پەیوەندییەکی بەردەوام لەنێوان ناوەندە ئەکادیمی و دامەزراوە توێژینەوەییەکان کرایەوە، بەتایبەتی لە بارودۆخێکدا کە هەرێمی کوردستان و عێراق پێویستییان بە دیدگا و لێکۆڵینەوەی زانستیی نوێ هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییە ئاسایشی و جیۆپۆلەتیکییەکان.



## ڤیژن و زانکۆی سەڵاحەدین هەنگاو بۆ بەهێزکردنی بەرهەمهێنانی زانست و توێژینەوەی هاوبەش دەنێن

رۆژی یەکشەممە 2026/6/14 دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی سەردانێکی بۆ زانکۆی سەڵاحەدین ئەنجامدا و لەگەڵ سەرۆکی زانکۆکە گفتوگۆیەکیان لەبارەی بوارەکانی هاوکاری هاوبەش ئەنجامدا. لە دانیشتنێکدا باس لەوەکرا کە چۆن توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و شیکارییە ستراتیجییەکان دەتوانن بەهاوبەشی چارەسەری بەشێك لە کێشەکانی کۆمەڵگا بکەن. گفتوگۆ لەسەر بوارە هاوبەشەکانی کاری پێکەوەیی کرا، وەک ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوبەش، رێکخستنی سیمینار و کۆڕی زانستی و دروستکردنی میکانیزمێک بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لایەن.



## سەرۆک کۆماری عێراق: ناوەندەکانی توێژینەوە هاوبەشی سەرەکیی دروستکردنی بڕیار و نزیککردنەوەی هەرێم و بەغدان

رۆژی پێنجشەممە، 18ی حوزەیرانی 2026 دامەزراوەی ڤیژن لە شاری بەغدا لەگەڵ بەڕێز نزار ئامێدی سەرۆککۆماری عێراق کۆبووەوە و باس لە گرنگی دامەزراوەکانی توێژینەوە و بەهێزکردنەوەی پەیوەندییەکانیان کرد. لەکۆبوونەوەکەدا بەڕێز نزار ئامێدی، سەرۆك کۆماری عێراق دڵنیاییدا لەوەی پێویستە ناوەندەکانی توێژینەوە لە بەغدا ئامادەیی و چالاکییەکی بەرچاویان هەبێت. وتی: دامەزراوەکان دەتوانن رۆڵێکی گرنگ لە نزیککردنەوەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و هەروەها گواستنەوە و هاوبەشیکردنی ئەزموونەکان لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا بگێڕن.



## ڤیژن و شارەوانیی بەغدا هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی پیسبوونی دیجلە و باشترکردنی ژینگەی پایتەخت دەنێن

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و شارەوانیی بەغدا (امانة بغداد) گفتوگۆیان لەسەر دۆخی ژینگەیی پایتەختی عێراق، هۆکارەکانی پیسبوونی رووباری دیجلە کرد و رێگاکانی چارەسەرکردنیشیان تاوتوێ کرد. لە کۆبوونەوەکەدا، بەرپرسانی شارەوانیی بەغدا هۆشدارییان لە پیسبوونی رووباری دیجلە و کاریگەرییەکانی لەسەر تەندروستی گشتی و ژینگەی شارەکەدا و جەختیان لە پێویستی هەنگاوە خێرا و زانستییەکان کرد بۆ سنووردارکردنی ئەم دیاردەیە.



## ڤیژن و سەنتەری عەشتار گفتوگۆ لەسەر بەهێزکردنی دیموکراسی و ئاسۆکانی هەماهەنگی داهاتوو دەکەن

بەرواری 2026/6/19 دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەگەڵ سەنتەری عەشتار بۆ پاڵپشتی دیموکراسی کۆبوونەوە و گفتوگۆیان لەسەر چالاکی، ئامانجە هاوبەشەکان و ئاسۆکانی هاوکاریی و هەماهەنگی لەداهاتوو کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە دۆخی دیموکراسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و گرنگیی بەهێزکردنی بەشداریی سیاسی و مەدەنی، توانابەخشین بە گەنجان و پاڵپشتی کردنی پرۆسەکانی چاکسازی و حوکمڕانی باش کرا.



## دامەزراوەی ڤیژن ئاڵنگارییە ژینگەییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانی لەگەڵ باڵیۆزی سویسرا تاوتوێ کرد

لە 2026/6/18 دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەگەڵ دانیێل هون باڵیۆزی سویسرا لە عێراق، پرسی ئاڵنگارییە ژینگەییەکان، پرۆژە و چالاکییەکانیان تاوتوێ کرد. ژینگە و ئاڵنگارییەکانی بەردەمی و ڕێگەچارەکان بۆ چارەسەر، بابەتێکی جێ بایەخی کۆبوونەوەکە بوو، دامەزراوەی ڤیژن و باڵیۆزی سویسراش هاوڕابوون لەسەر کارکردن بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو سێکتەرە جێبایەخە لە عێراق و هەرێمی کوردستان.



## دامەزراوەی ڤیژن و فەرمانگەی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان تاوتوێی هەماهەنگی و کاری هاوبەشیان کرد

لە 2026/6/14 شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن لە شاری هەولێر لەگەڵ دیندار زێباری رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان کۆبوونەوە، لەگەڵ باسکردنی چەند پرسێکی تایبەت بەفراوانکردنی پەیوەندییەکان و هەوڵەکان بۆ بەرەوپێشبردنی زیاتری هەرێمی کوردستان، باسیش لە ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی تایبەت لە شاری سلێمانی کرا. لە کۆبوونەوەکەدا، تاوتوێی گرنگی دروستکردنی تۆڕێکی بەهێزی پەیوەندی لەنێوان دامەزراوە و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کرا .



## دامەزراوەی ڤیژن و وەزارەتی ژینگەی عێراق جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی تانجەرۆ و پاراستنی ژینگە دەکەن

لەچوارچێوەی هەوڵەکان بۆ پاراستنی ژینگە و چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەگەڵ وەزیری ژینگەی عێراق کۆبووەوە. دیدارەکە رۆژی چوارشەممە 17ی حوزەیرانی 2026، لە شاری بەغداد بەڕێوەچوو و باس لە دۆخی ژینگەی هەرێمی کوردستان و گرنگترین کێشە ژینگەییەکان، بە تایبەتی پیسبوونی رووباری تانجەرۆ و پێویستی دۆزینەوەی چارەسەری بنەڕەتی و درێژخایەن کرا.



## ڤیژن و دامەزراوەی ماڵی مام ناوەندەکانی توێژینەوە رۆڵی گرنگیان لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەیە

رۆژی 17ـی حوزەیرانی 2026، شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەگەڵ دانا ئەسعەد، بەرپرسی دامەزراوەی ماڵی مام لە سکرتاریەتی سەرۆك مام جەلال لە بەغداد کۆبووەوە. لەکۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی دۆخی پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەرێم و هەنگاوەکانی پێشکەوتن و باشتربوونی پەیوەندییەکان کرا. بەرپرسی دامەزراوەی ماڵی مام، لە بەغدا ئامادەیی تەواوی بۆ هاوکاری دامەزراوەی ڤیژن و دامەزراوە توێژینەوەییە هاوشێوەکان دەربڕی.



# واژۆکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن

## دیدارێک بۆ بەستنەوەی کەرتەکانی نیشەجێبوون و بانکەکان و بیناسازی بەڕێوەدەچێت



رۆژی سێشەممە ٢٠٢٦/٤/٧ رێکەوتننامەیەک لەنێوان دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و کۆمپانیای مونلاین واژۆ کرا.
ئەم هەنگاوە هەوڵێکە بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتە ئابوورییە جیاوازەکانی (نیشتەجێبوون، بیناسازی، بانکەکان و کارگەکانی کەرەستەی بیناسازی) و بەستنەوەیان بەیەکدیەوە، دامەزراوەی ڤیژن بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای مونلاین دیدارێکی تایبەت ئەنجامدەدەن.

بڕیارە چەند توێژینەوەیەک سەبارەت بە تەواوکردنی بازنەی ئابووری نێوان کەرتەکانی (نیشتەجێبوون، بیناسازی، بانکەکان و کارگەکانی کەرەستەی بیناسازی) ئەنجام بدرێت.

## دامەزراوەی ڤیژن و دەستەی کوردستانی: هاوبەشی نوێ بۆ داتا و توێژینەوەی ستراتیجی




دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و دەستەی کوردستانی بۆ دیراسات و توێژینەوەی زانستی، یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنیان (MoU) واژۆ کرد بۆ پەرەپێدانی کارە هاوبەشەکان لە بواری توێژینەوە و داتا.
واژۆکردنەکە (٢٠٢٦/٤/١٦) لە نێوان، سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن و سەرۆکی دەستەی کوردستانی، ئەنجامدرا و لەدوای ئەم هەنگاوەوە کارکردنی هەردوو دامەزراوەکە لە بوارە جیاوازەکان دەستپێدەکات.
ئەم هاوبەشییە هەنگاوێکی گرنگە بۆ دروستکردنی بنەمای داتای باوەڕپێکراو و بەرەوپێشبردنی پۆلیسییەکان بە شێوەیەکی زانستی، کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی و پەرەپێدانی کۆمەڵگا بکات.

## بێکاریی ژنان و نایەکسانیی لە کاردا دەبێتە بەشێک لە پرۆژەکانی دامەزراوەی ڤیژن




دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و رێکخراوی خەڵك بۆ گەشەپێدان، بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆەی هاوبەش بەتایبەت کێشەکانی ژنان و گەنجان و بوارە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان، یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنیان واژۆ کرد.
هەردوولا رێککەوتن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و کۆنفرانس و پێگەیاندنی ژنان و گەنجان لە رووی هۆشیاریی کارکردن و بەرزکردنەوەی تواناکانیان، تاوەکو یارمەتیدەربێت بۆ زیادکردنی دەرفەتەکانی کارکردن.

## واژۆکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن



### هاوبەشی بۆ پێشخستنی تەکنەلۆجیا و ئابوری؛ ڤیژن و پەیمانگای ناشناڵ پەیوەندییان بەهێز دەکەن

رۆژی دووشەممە (٢٠٢٦/٤/٢٧)، لە پەیمانگای ناشناڵ یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن لەنێوان دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و پەیمانگای ناشناڵ بۆ تەکنەلۆجیا بەمەبەستی بەهێزکردنی هاوکاریی زانستی و پێشخستنی بوارەکانی تەکنەلۆجیا و ئابوری واژۆکرا.

بەگوێرەی دەقی یاداشتنامەکە، لە قۆناغەکانی داهاتوودا، چەند توێژینەوەیەکی ستراتیجی تایبەت بە تەکنەلۆجیا و زانیاری ئەنجامدەدرێت و ئەنجام و راسپاردەکانیان ئاڕاستەی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی پەرەپێدان دەکرێت.




### ڤیژن و ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ دارایی و بازرگانی هاوکاریی ستراتیجییان دەستپێکرد

رۆژی ٢٠٢٦/٦/١١ یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن لەنێوان دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ دارایی و بازرگانی ICFT واژۆکرا.

بەگوێرەی یاداشتنامەکە دارشتنی پلانی ستراتیجی بۆ کەرتە ئابووری و داراییەکان و بەهێزکردنی توانای دامەزراوە ئابوورییەکان بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی داهاتوو، هەنگاوەکانی کارکردنیان دەبێت لە داهاتوودا.

ئەم یاداشتنامەیە هەنگاوێکی نوێیە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی ستراتیجی لە نێوان دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەشێکە لە هەوڵەکانی بەهێزکردنی رۆڵی توێژینەوە لە خزمەتکردنی پرۆسەی گەشەپێدان و بنیاتنانی ئابوورییەکی بەهێزتر.




### دامەزراوەی ڤیژن و ڤیژن ئەید یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنیان واژۆکرد

رۆژی 25ی حوزەیرانی 2026 هەریەکە لە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و ڤیژن ئەید یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنیان واژۆ کرد.

بەپێی ئەم یاداشتنامەیە، هەردوو دامەزراوەکە کار لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، پڕۆژە و چالاکیی هاوبەش دەکەن، بە مەبەستی بەهێزکردنی هاوکاری و هاوبەشی لە بوارە جیاوازەکاندا.

هاوکات، هەردوو دامەزراوە جەختیان لە فراوانکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەشدارییپێکردنی توێژینەوە و چالاکییەکانیان لە بۆنە و پلاتفۆرمە جیهانییەکاندا کردەوە.




# بەشداریی دامەزراوەی ڤیژن
## لە دیدار و کۆنفرانسەکاندا




## دامەزراوەی ڤیژن بەشداریی لە کردنەوەی دەزگای پەرەپێدانی ناوچەی ڕاپەڕین کرد

ڕۆژی یەکشەممە 31/5/2026 دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، بەشداری لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی (دەزگای پەرەپێدانی ناوچەی ڕاپەڕین)ی کرد، کە کاردەکات بۆ گەشەپێدانی دەڤەرەکە و تێیدا بەرپرسانی باڵا و کونسوڵی چەند وڵاتێکی بیانی بەشدارییان تێدا کرد.

لە ڕێوڕەسمەکەدا، بەڕێز قوباد تاڵەبانی، جێگیری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بەشداری کرد و وتارێکی لەبارەی گرنگی ئەم دەزگا توێژینەوەیەی بۆ بەرەوپێشبردنی دەڤەرەکە باسکرد، هەریەك لە کونسوڵی بەریتانیا، فەرەنسا و ئەرمینیاش بەشدارییان تێدا کرد.



## ڤیژن بەشداریی لە چالاکییەکی تایبەت بە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا کرد

ڕۆژی یەکشەممە، 7ی حوزەیرانی 2026، لە شاری هەولێر بە ناونیشانی (ڕۆژی ژینگەی جیهانیی 2026) بەڕێوەچوو، بەرپرسی بەشی پڕۆژەکانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی تێیدا بەشداربوو، کە بە سەرپەرشتی بەیان سامی عەبدولڕەحمان، ڕاوێژکاری باڵای سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئەنجامدرا.

چالاکییەکە تایبەت بوو بە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و ڕێگاکانی پاراستنی ژینگە، کە تێیدا تیشکخرابووە سەر سەوزکردنی شارەکان و بەهێزکردنی هەوڵەکانی پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان.



## دامەزراوەی ڤیژن بەشداریی لە داڕشتنی نەخشەڕێگای پاراستنی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکات

ڕۆژی یەکشەممە، 14ـی حوزەیرانی 2026 دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بەشداریی لە وۆرکشۆپێکی تایبەت کرد کە ئامانجی داڕشتنی نەخشەڕێگایەکە بۆ پاراستن و بەهێزکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە عێراق.

دامەزراوەی ڤیژن پێشتر لە چوارچێوەی پرۆژەی "عێراق فلتەر" و بە هاوکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا و ڕێکخراوی ئایدیا ئینتەرناشناڵ و ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی عێراق، پرۆژەیەکی فراوانی بۆ بەرهەڵستکاریکردنی هەواڵی ناڕاست و زانیاریی چەواشەکار لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2025 ئەنجامدا.




## بڕوانامەی پێزانین بەخشرایە دامەزراوەی ڤیژن

رۆژانی 14 و 15ی حوزەیرانی 2026، لە هەولێر، ڕێکخراوی ئایدیا ئەنتەرناشناڵ، ووٚرکشۆپێکی بە ناونیشانی "پاراستنی پرۆسەی هەڵبژاردن لە ژینگەی داتا و زانیارییەکاندا" . سازکرد و دواتریش بڕوانامەی پێزانین بەخشرایە دامەزراوە ی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی. لەم چالاکییەدا دامەزراوەی ڤیژن بەشداریکرد، تێیدا هەڵسەنگاندنێکی فرە ڕەهەند کرا بۆ پرسەکانی ئاستی بەشداریی دەنگدەران و پەرەسەندنەکانی گوتاری رق و کینە و بڵاوکردنەوەی زانیاریی چەواشە و ناڕاست لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی شەشەمین خولی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.



## کۆبوونەوەیەکی گرنگ لەبارەی پیسبوونی رووباری تانجەرۆ بەڕێوەچوو

رۆژی دووشەممە 22/6/2026 لە فەرمانگەی ژینگە سلێمانی، کۆبوونە وەیەك لەبارەی ژینگەی شارەکە و پیسبوونی ئاوی رووباری تانجەرۆ بە ڕێوەچوو، کێشە و ئاستەنگەکانیش تێیدا خرانەڕوو.

کۆبوونەوەکە بە سەرۆکایەتیی بەڕێز قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوە زیرانی هەرێمی کوردستان و بە بە شداری ژمارەیەك لە بەرپرسانی حکومیی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەڕێوەبرا، ئامانج کاکەڕەش، بە ڕپرسی بەشی پرۆژەکانی دامەزراوە ی ڤیژن بەشداری لەم کۆبوونەوەیە دا کرد، دیدگا و پرۆژەکانی دامەزراوە کەی لەبارەی کێشەکە و هەنگاوە کانی دۆزینەوەی چارەسەرەکان خستەڕوو.




## ڤیژن لە 19ـهەمین سیمپۆزیۆمی نێودەوڵەتی ئاسایشی خۆراک بەشداره

لە ئەسینا 19ـهەمین سیمپۆزیۆمی نێودەوڵەتی تایبەت بە ئاسایشی خۆراك و سیاسەتی پەرەپێدانی بە ردەوام بەڕێوەدەچێت، تێیدا د. دیدار عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری بەشی توێژینەوەکانی ڤیژن توێژینەوەیەکی بە ناونیشانی (هۆشیاری بازاڕی دیجیتاڵ و بەرگری کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستانی عێراق) پێشکە شکرد




# دیدار و سیمینـــار
# و گفتوگۆ کراوەکان

## ئەو یاسایانەی تایبەتن بە کەرتی کشتوکاڵ بارگرانییان بۆ وەبەرهێنەران دروستکردووە



لە بەرواری 1/4/2026 دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی پرۆگرامێکی دیکەی چاوی کراوەی تایبەت بە کەرتی کشتوکاڵ بەڕێوەبرد، هۆکارەکانی پاشەکشە و لاوازبوونی کەرتەکە خرانەڕوو.

پرۆگرامەکە بە ناونیشانی (پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لەنێوان پلانی حکومەت و وەبەرهێنانی کەرتی تایبەتدا) ئەنجامدرا، لەسەرەتای پرۆگرامەکەدا شاڵاو جەمال، بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی سلێمانی راپۆرتێکی لەبارەی کەرتی کشتوکاڵ پێشکەشکرد، باسی لەوەکرد کە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان بەڵێنی چارەسەری کەرتی کشتوکاڵیان داوە، بەڵام نەیانتوانیوە جێبەجێی بکەن.

## ڤیژن چارەسەری کێشەکانی کەرتی خانووبەرە دەخاتە بەردەم وەبەرهێنەران و حکومەت



بەرواری 11/4/2026 دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی گفتوگۆیەکی کراوەی بۆ بەشێک لە وەبەرهێنەرانی کەرتی نیشتەجێبوون لە پارێزگای سلێمانی، بانکە ئەهلییەکان و لایەنە حکومییەکان ئەنجامدا، کە مەبەست لێی چارەسەرکردنی کێشەکانی رەهنی خانووبەرە و پاڵپشتیی داراییە بۆ ئەو کەرتە.

توێژینەوەکە باس لەو مەترسییانە دەکات کە لەسەر وەبەرهێنەرانی سلێمانییە و بەپێی داتاکانی ناو توێژینەوەکە، ٪40ی کۆی وەبەرهێنەرانی سلێمانی تەنها یەک پرۆژەیان هەیە، کە ئەوەش وادەکات سەرمایەکەیان لەبەردەم ئاڵنگاریدا بێت و مەترسییان لەسەر بێت.

## یاسا و پەروەردە: دوو هۆکار بۆ کەمکردنەوەی گوتاری رق و کینە



دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی پانێڵێکی بە ناونیشانی (پتەوکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و بەرەنگاربوونەوەی گوتاری رق و کینە) ئەنجامدا بە ئامادەبوونی بەشێک لە پسپۆرانی یاساو مامۆستایانی زانکۆ.

پانێلەکە بۆ هەریەکە لە (د.ئەسعەد کازم) بەڕێوەبەری سەنتەری رافیدەین و (د.تارق جەوهەر) پسپۆری میدیاو (د.عەدالەت عەبدوڵا) توێژەر ،(د.عومەر ریفاعی) بەڕێوەبەری سەنتەری رۆشنبیری زانکۆی ئەنبار ئەنجامدرا.

لە پانێڵەکەدا باس لە رۆڵی یاسا کرا لە رێگریکردن لە گوتاری رق و کینە، پسپۆرانی یاسا جەختیان کردوە بەشێک لە یاساکان پێویستیان بە نوێکردنەوەیە.




## دیدارێك بۆ دەرفەتەکانی گەشەپێدانی ئابوری لە ئیدارەی راپەڕین بەڕێوەچوو

لە 29/4/2026 دیداری دەرفەتەکانی گەشە پێدانی ئابووری ئیدارەی راپەڕین بە هاوبەشی لەنێوان دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و زانکۆی راپەڕین بەڕێوەچوو.

لە دیدارەکەدا دەرفەتەکانی گەشەپێدانی ئیدارەی راپەڕین خرانەڕوو، کە تێیدا چەندین بەرپرسی حکومیی، خاوەنکار، ئەکادیمیست و دامەزراوە و رێکخراوە مرۆییەکان بەشدارییان تێدا کرد.

پانێڵەکان بە ناونیشانی (بەهێزکردنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و گەشتوگوزار لە ئیدارەی راپەڕیندا)، (دەرفەتەکانی وەبەرهێنان و بازرگانی و پیشە سازی لە ژێرخانی ئیدارەی راپەڕیندا) و (رەخساندنی هەلەکانی کار) بەڕێوەچوون.



## سەربازی زۆرەملێ لە عێراق بارگرانییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان زیاد دەکات

رۆژی چوارشەممە 6ی ئایاری 2026، سیمینارێکی تایبەتی سەبارەت بە پرۆژەیاسای زۆرەملێی سەربازی لە عێراق بەڕێوەچوو، تێیدا چەندین پسپۆڕی سەربازی، یاسایی و ئەکادیمی، رەهەندە جیاوازەکانی ئەم یاسایەیان خستەڕوو و هۆشدارییان لە دژوارییەکانی جێبەجێکردنی دا.

ئاماژە بۆ ئەوەکرا پرۆژەیاسای زۆرەملێی سەربازی لە دۆخێکدا هەوڵی جێبەجێکردنی دەدرێت، کە شێوازی شەڕ و ململانێکان لە جیهاندا بە تەواوی گۆڕاوە.

ئاماژە بۆ ئەوەشکرا کە لەئێستای عێراقدا دروستکردنی سوپای گەورەی زەمینی بە پێویست نازانرێت.




## پانێڵێکی دامەزراوەی ڤیژن: مافە دەستورییەکانی کورد لە کارنامەی حکومەتی نوێی عێراق فەرامۆشکراوە

لە 11ی ئایاری 2026 پانێڵێکی تایبەت سەبارەت بە پرسی کورد لە کارنامەی کابینەی نوێی حکومەت بەڕێوەچوو، تیایدا ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، مامۆستایانی زانکۆ، نوسەر و ڕۆژنامەنووسان بەشدار بون.

پانێڵەکە بە ناونیشانی (کورد و هەرێمی کوردستان لە بەرنامەی کاری حکومەتی نوێی عێراقدا) بەڕێوەچوو، هەریەکە لە (هاوڕێ تۆفیق، د.محەمەد شاکر، د.فوئاد ئەحمەد) وەک پانێڵیست بەشداربوون.

باسلەوە کرا کارنامەکە دوو کێشەی تێدایە، یەکێکیان باسنەکردنی مافە دەستورییەکانی گەلی کوردە و ئەویدیکەیان کۆی بیرکردنەوەی کارنامەکەیە بۆ داهاتووی عێراق.




## دامەزراوەی ڤیژن: پاراستنی ژینگە و دارستان پێویستی بە ستراتیجییەکی نیشتمانی هەیە

رۆژی سێشەممە، 12ی ئایاری 2026 دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بەهاوبەشی ڕێکخراوی ئایندە بۆ پاراستنی ژینگە گفتوگۆیەکی کراوەی سەبارەت بە ژینگە و ڕێکار و ئامادەکارییەکان بۆ دارڕشتنی پلانی ستراتیجی ئەنجامدا.

جێگری پارێزگاری سلێمانی، بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان، مامۆستایانی ئایینی، ئەکادیمیست و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئامادەبوون.

باس لەوە کرا ئەمساڵ بەهۆی زۆری ڕێژەی باران، ئەگەری بوونی پوش و پاوانێکی زۆر هەیە و پێویستە هەماهەنگی هەبێت بۆ ڕێگریکردن لە کەوتنەوەی ئاگر و بوونی حاڵەتی لەناکاو.



## داهاتووی ئاسایشی نیشتمانی لەژێر رۆشنیایی گۆڕانکارییە جیهانییەکاندا

رۆژی پێنجشەممە 15/5/2026، فەریق روکنی یەک د. محەمەد نەجمەدین، ئەندامی دەستەی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سیمینارێکی بە ناونیشانی (ستراتیجیی ئاسایشی نیشتمانی) پێشکەشکرد.

سیمینارەکە بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە سەربازییە باڵاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەشێک لە بەرپرسانی حکومی بەڕێوەچوو و بەشداربووان ڕاو و بۆچوونیان لەبارەی بابەتەکە خستەڕوو و گفتوگۆیان لەبارە وە کرد.



## لە دامەزراوەی ڤیژن جەخت لە بەهێزکردنی سیستمی فیدراڵی عێراق کرایەوە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، گفتوگۆیەکی کراوەی ئەنجامدا، تیایدا پەلەمانتاران، نوسەران، مامۆستایانی زانکۆ و ئەکادیمیست و شارەزایانی بواری سەربازی ئامادەبوون.

لە گفتوگۆ کراوەکەدا توێژینەوەیەک لەلایەن د.دلاوەرعوسمان بە ناونیشانی (بەهێزکردنی سیستمی فیدراڵیی و حوکمی هاوبەش لەڕێگەی گوتاری سیاسی کورد لە بەغدا) پێشکەشکرا؛ ئاماژە بۆ ئەوەکرا لە دەستوری نوێی عێراقدا کۆمەڵێک برگەی تیادایە کە پێویستییان بە هەموارکردنەوە هەیە. جەختیش لە یەکخستنی گوتاری کورد لە عێراق کرایەوە.



## پێویستە بەرهەمهێنانی غاز لە هەرێمی کوردستان بە یاسا رێکبخرێت

رۆژی دووشەممە 8/6/2026 گفتوگۆیەکی کراوە بە ناونیشانی (ئاسۆی داهاتووی کەرتی غازی هەرێمی کوردستان) لە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بەڕێوەچوو.
لە گفتوگۆ کراوەکەدا سیمینارێك لە بارەی پوختەی توێژینەوەیەك کە لە لایەن د. سەروەر محەمەد بە ناونیشانی (ئاسۆی داهاتووی کەرتی غازی هەرێمی کوردستان) ئامادە کرابوو، پێشکەشکرا.
جەختکرایەوە غازی سروشتی پێویستە ببێتە بنەمای بەرهەمهێنانی کارەبا و گەشەپێدانی پرۆژە پترۆکیمیاییەکان.



## لە دامەزراوەی ڤیژن بەهێزکردنی پێگەی سلێمانی وەک پایەختی کولتوری کوردستان تاوتوێ کرا

رۆژی پێنجشەممە، 11/6/2026 لە دامەزراوەی ڤیژن پرۆژەیەکی دیکەی چاوی کراوە راگەیەنرا، لەو چوارچێوەیەدا گفتوگۆیەکی کراوە بۆ سیمینارێك بە ناونیشانی (بە باڵیۆزکردنی کولتور، بەباڵیۆزکردنی سلێمانی) بەڕێوەچوو.
سیمینارەکە لەلایەن د. موحسین ئەدیب، بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی پێشکەشکرا و ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان، مامۆستایانی زانکۆ، نوسەران و رۆشنبیران بەشدارییان تێدا کرد.
لە گفتوگۆکەدا جەختکرایەوە کە لە ماوەکانی رابردوودا قەیرانی دارایی و کێشەکانی هەرێمی کوردستان دۆخی هونەریی و رۆشنبیرانیان لە سلێمانی بەرەو خراپتر بردووە.




## بێکاری رەگەزی مێینە گفتوگۆی توێژینەوەیەکی دامەزراوەی ڤیژن بوو

لە رۆژی پێنجشەممە، 25/6/2026 لە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سیمینارێك بۆ پرۆفیسۆر د. ژیا عەباس، بەڕێوەچوو توێژینەوەیەکی لەبارەی بێکاری ژنان لەسەر ئاستی جیهان و بەراورد بە هەرێمی کوردستان پێشکەشکرد.
ئامادەبوان، پسپۆران و توێژەران و سێکتەرە پەیوەندیدارەکان بە توێژینەوەکە گفتوگۆی ورد و سەرنجی زیاتریان خستەسەر توێژینەوەکە. لە گفتوگۆیەکی کراوەدا سەرنج و تێبینییەکانیان خستەڕوو.

Vision Foundation
for Strategic Studies

لە پەیوەندیدا بن لە گەڵمان.

www.visionfoundationiq.org | info@vfssiq.org

visionfoundationiq | عێراق، سلێمانی، شەقامی سەعید کابان، خانوی ژمارە 28